سەروتار

# خۆشەویستیی مرۆڤ نیشتمان، دوو چەمکی لێك گرێدراو

خۆشەویستی پێوەندییەکی قووڵە لە نێوان مرۆڤ و بوونێکی ئۆبژێکتیڤ یان سۆبژێکتیڤ. هەر دوو لایەنی خۆشەویستییەکە پێناسە هەڵگرن، واتە دەتوانرێ وێنایەکی واقیعی لە هەر دووکیان لە لای مرۆڤ پەیدا بێ، بەڵام پێناسەی پێوەندییەکە ئەستەمە و شیاوی تێڕامان و بیرکردنەیەکی قووڵە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە، پێناسە یا شیکردنەوەی ئەو پێوەندییە نیە، بەڵکوو جیاوازی یا هاوگونجی خۆشەیستیی مرۆڤە لە گەڵ مرۆڤ یان نیشتمان. بە واتایەکی دیکە وڵامی ئەو پرسیارەیە کە ئایا خۆشەویستی مرۆڤ و مرۆڤ ڕێگرە لە بەر دەم خۆشەویستی مرۆڤ و نیشتمان یان بە پێچەوانەوە؟ یانی مرۆڤ دەتوانێ هاوکات مرۆڤ و نیشتمانی خۆش بوێ یا خۆشەویستی هەر کامیان پێویستیی بە ڕامالێنی ئەوی دیکەیان دەکا؟

بەر لە وڵامدانەوە بەو پرسیارە دەبێ سنووردار بوون یا نەبوونی خۆشەویستی بخەینە بەر باس. ناکرێ سنوورێك بۆ خۆشەویستی دیاری بکرێ. بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە فیداکردنی گیان(وەك گەورەترین سەرمایەی ئینسانی) لە پێناو خۆشەویستی دایە. دەیان و سەدان هەزار مرۆڤ لە پێناو خۆشەویستیی نیشتمان، ئازادی و... خۆویستانە و بەوپەڕی شانازییەوە گیانیان فیدا کردوە. فیداکاری لە پێناو هەر کام لەو چەمکانەدا ڕاستەوخۆ لە خۆشەیستی بۆ مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێ. کە واتە هەموو خۆشەویستییەکان لە ڕاستی دا خۆشەویستی مرۆڤن بۆ مرۆڤ. ڕزگاریی نیشتمان و وەدیهاتنی ئازادی بۆ ئەوەیە مرۆڤ تێیدا بە سەرفەرازی بژی، بۆ جوانتر کردنی ژیانی مرۆڤە. مرۆڤ خۆشەویستە، هەر بۆیە نیشتمان خۆشەویستە و ئەو پێوەندییە ناتوانێ پێچەوانە بێتەوە. ناتوانرێ نیشتمانی بێ مرۆڤ خۆشەویست بێ، بەڵام دەکرێ مرۆڤی بێ نیشتمان خۆشەویست بێ.

مودیر مەسئوول